www.kurdistannet.org
14-4-2003 2:43

# له ١٤-٤دا سلاو لەو تێکۆشەرانەی ئەم ڕۆژەیان بە مێژوو کرد
# ١٤-٤ڕۆژی ڕەشی ئەنفال

**عەلی مەحمود محەمەد**

ئەو ڕۆژانەی ئەنفال بێ خاوەند بوو حزبەکان کاری سیاسیان کەم پێ بوو و کەمتر باسیان لێ دەکرد، کۆمەلێك ڕۆشنبیر و هونەرمەند و



دلسۆزی ئەم گەلە بە سکی برسی و ماندوەیەتییەوە خەمی ئەنفالەکانیان لە کۆل نا شەویان دایە دەم ڕۆژەوە بۆ بە مێژوو کردنی ئەم کارەساتەو دیاری کردنی ڕۆژێك بۆی. بێ پاداش و دەست لە پشت دانی هیچ پارتێك، ئەو مرۆڤە دلسۆزانە پێویستە ناویان بچێتە مێژوی بەگژا چونەوەی کارەساتی ئەنفال، منیش وەك ئاگادارێکی زۆرتری لە هەمو کەسێکی کە لەو چالاکیانە چەند دێرێك لەم یادە دەخەمە سەر کاغەز و بەلگەنامەی زۆریشم کۆ کردۆتەوە لەسەر ئەو ڕۆژە لە داهاتودا بە ئاواتم بیانخەمە سەر کاغەز.

ئەنفال ئەو تاوانە بوو لە ٧ مانگدا ئەنجام درا بەلاّم لە جەرگەی ئەنفالی ٤ دا گەورەترین شالاّوی ئەم ڕەش بگیرییە ئەنجام درا دەیان هەزار کورد لە گوندی ملەسورەوەوە بەرەو کەلارو لە وێشەوە بۆ مەیدانی مەرگ بەڕێ کران. یەکەم وتار لە سەر ئو ڕۆژە بە ڕێز ڕ خ لە کوردستانی نوێ ژ ٦٦ وەك من ئاگادار بم نوسیویەتی کە دوایی بۆم دەر کەوت ناوی بەڕێزی کاك ڕەحمان خانییە. پاشان ی ه ك و بەڕێزان سەردار عەبدلله و دلشاد تالەبانی و ڕەحمان خانی و گەلالە عزیز و تەها سلەیمان و نوسەری ناسراو نەجمەدین فەقێ عەبدلله بە نوسینی پەرتوکی تونی مەرگ و کارەکانی و ڕێکخستنەکانی ینك و شوعی و پدك لە گەرمیان یادی کارەساتی ئەنفالیان کردەوە بۆ یەکەمجار. کاك سەردار عەبدلله بە منی ڕاگەیاند بۆ سالی دواتر کە بینیمان لە ١٤-٤ لە هەولێر یادی ئەنفال کرایەوە ئێمەش لەوە بە دواوە سور بوین لەسەر ١٤-٤وەك ڕۆژی ئەنفال.

بانگەوازی ڤیستیڤالی یەکەمی ئەنفالەکان لە ١٢-٣ بۆ یەکەم ڤیستیڤال لە هەولێر بلاّو کرایەوە کە پاشان لە ١٤-٤ لە هۆلی مدیا ١ هەفتە بەردەوام بوو، ئەم بەڕێزانە ڕۆلیان تیایدا گێڕا محمد ملا سدیق -لالۆ ڕەنجدەر -سەدرەدین خۆشناو-فاتیح شەیدا-کەریم غەفور -قادر نادر-فریاد هیرانی-ئاشتییە سور-هاوار مستەفا-سۆزان مامە-بدرالدین سالح-نیهاد دزەیی-کەریم سەرکەش-هەردی-دەشتی-مامۆستا ڕەحیم-عوسمان عمر-ڕزگار بۆرە-فرهاد خالید-نهاد جامی -تەحسین فایەق-ئاوارە خان-کەریم مەلا-مامۆستا کمال غەمبار-محەمەد ئیسماعیل-ئاکۆ محەمەد-سەلاح مەزن-عەبدالڕەحمان سدیق-ئازاد سلێمان و هاوکارو هێمن حەساری و شەفیق حاجی خدر و شەوقی دارەتوو و. . . . . . . . هتد. هەروەها بەڕێزان ڕزگار شوانی و ڕزگار حەساری و فواد سدیق لە ڕێگای کوردستان و کاك ستران عبدلله و کاك دلشاد عبدلله لە کوردستانی نوێ و کاك غازی حەسەن و ئیدریس شەیداهۆ و کاك بێکەس قادر لە ئالاّی ئازادی. بۆ یەکەمجار لە ژمارەی ١٤ -٤ ڕۆژنامەکانیاندا مانشێتەکەی لەسەر ئەنفال بوو یاخود ڕۆژنامەکانیان بە ڕەنگی ڕەش دەر کرد. هەروەها بۆ یەکەمجار بەیاننامە لەسەر دیاری کردنی ١٤-٤ بە ڕۆژی ئەنفال دەرکراو یەکگرتوی ئیسلامیش بەیاننامەی خۆی دەرکرد.

بۆ سالی دواتر جگە لەو بەڕێزانەی ناویان هاتوە بەڕێزان سەرهەد تۆفیق -شوان داودی -غازی حەسەن- گرفتار کاکەیی- هەردوو مامۆستای هێژاو تێکۆشەر خالید دلێر و سەعید ناکام و هیوا ناسیح و ئەسکەندەر جەلال و فەرحان و و، ، ، هتد. ئەو سالە بە داواکاری ئێمەو بە هاوکاری بەڕێز کاوە نادر پارت و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان دەیان بەیاننامەیان لە ٧-٤ وە دەرکرد و ئیتر ١٤-٤ بوە ڕۆژی ئەنفال و بو بە ئەمری واقیع. سالی ١٩٩٦ شاری هەولێر سەدان لافیتەی لێ هەلواسرا بە داخوازی لیژنەی سەرپەرشتی ئەنفالەکان. بەشی زۆری حزبە سیاسییەکان وەلاّمیان بەو داخوازییەکانمان دایەوە. بەداخەوە چەند لایەنێکی کەم چەند ئەندام پەرلەمانێکی دلسۆز کە هەریەکەی ٥-١٠ دینار کۆمەکیان پێمان کرد مەسروفاتی ڤیستیڤالی یەکەم بەشی زۆری من دابینم کرد و بۆ دوەمیش لایەنەکان باشتر کۆمەکیان کرد کاك فواد مەعسوم ١٠٠٠٠ دیناری پێ بەخشین بەلاّم بەداخەوە کاك جەبار فەرمان ڤیستیڤالەکەی پێمان داخست.

داوای لێبوردن لەو بەڕێزانە دەکەم ناویانم لە یاد کردوە.